# ڕۆژنامەگەری

# قۆناغی چوارەم / بەیانیان و ئێواران

## چەمک و ناسینی ڕۆژنامە

ڕۆژنامەگەری لە زمانی ئینگلیزی (Journalism) پێ دەگوترێت و لە وشەی (Jour) ی فرەنسییەوە وەرگیراوە کە بە مانای (ڕۆژ) دێت.( Journal) یش بە مانای ڕۆژانە دێت. فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) زاراوەی ( Press) بە واتای ڕۆژنامەگەری بەکار دەبات و مەبەست لێی شتێکە کە پەیوەندی بە چاپ و بڵاوکردنەوە و زانیاری و هەواڵەکانەوە هەبێت. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الصحافە)ی بۆ بەکاردەهێنن و لە زمانی فارسیشدا (ڕۆزنامەنگاری) بەکاردێت. بە گشتی هەر دوو زاراوەی (جۆرنالیزم و پرێس) کە بە واتای ڕۆژنامەگەری دێن بریتین لە زانست و هونەری دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بواری نووسین و دارشتنی بابەت و هونەرە ڕۆژنامە نووسییەکان و هونەرەکانی وێنەکێشان و وێنەگرتن و هێڵکاری و دیزاین و چاپکردن و ریکلام و بڵاوکردنەوە، کە پرۆسەی دابەشکردن و فرۆشتنیشیان بە دوادا دێت. هەروەها لەزمانی کوردیشدا چەمکی ڕۆژنامە هەروەک زمانناسەکانی کورد ئاماژەیان پێکردوە وشەیەکی لێکدراوە کە لە دوو وشەی سادە و ناسادە پێکهاتووە (ڕۆژ+نامە)کە بەواتای نامەی ڕۆژ یاخود نامەی ڕۆژانە دێت.

ڕۆژنامە بە یەکەمین ئامرازی ڕاگەیاندن لە قەڵەم دەدرێت، کە بەهۆی تایبەتمەندیەکان و جۆرەکانییەوە توانیویەتی ڕۆڵێکی گەورە لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕێت. بە دێژایی مێژوو فاکتەرێکی کارا و سەرەکی گەشەکردنی شارستانییەتەکان و دروستکردنی ڕای گشتی بووە. پێش دروستبوونی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووتی بە کۆگەیاندن، ڕۆژنامە هێزی گەشەی هزر و مەعریف بووە، ڕۆژنامەنووسیش کاراکتەرە ئەکتیڤ و دیارەکانی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوون .

## پێناسەکانی ڕۆژنامە

**پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن باوەڕیان وایە کە ئەستەمە بتوانن پێناسەیەکی یەگرتوو بۆ ڕۆژنامە دیاری بکەن، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار:**

**١-زۆری توێژینەوەکان لە بارەی ڕۆژنامە و تایبەتمەندی و مێژووی سەرهەڵدانیەوە، ڕا جیایەتی بەرچاویان تێدا دەردەکەوێ.**

**٢-گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕۆژنامە، بەشێوەیەکی بەردەوام بە جیاوازی جۆرەکانیەوە(ڕۆژانە، هەفتانە، تایبەتمەند....هتد)لەگەڵ ئەوەشدا زانایانی ڕاگەیاندن لە چەند ڕەهەندێکەوە پێناسەی ڕۆژنامەیان کردوە، لەوانەش:**

**لە فەرهەنگی گۆڤەند و زناردا هاتووەڕۆژنامە نامەیەکە کە ڕۆژانە چاپ و بلاو بکرێتەوە و هەواڵ و ڕووداوی ڕۆژانە بڵاو بکاتەوە .**

**لە ئنسکلۆپیدیای (الموسوعه السیاسیه) دا هاتووە ڕۆژنامە هەموو ئەو بلاوکراوە چاپکراوانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەکی ریک وپێک دەردەچن، رۆژانە، هەفتانە، نیومانگ جارێک یاخود مانگانە .**

**دەتوانین بلین رۆژنامە کۆنترین هۆکاری راگەیاندنی جەماوەریە کە بوونی خۆی پاراستووە، تا ئێستاش بەردەوامە، بەشێوەی سادەو ساکاری دەستی پێکردوە،لە سەردەمی شارستانیەتی کۆنی (چین و رۆمان)ە وە، بەمشێوەیە رۆژنامە گەری هەر لە سەرتاوە هۆکارێک بووە بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە ئەوپەڕی بوژانەوە، تا وای لێهات نازناوی (دەسەڵاتی چوارەم)ی لەناو دەولەتدا پێدرا.**

**بۆیە دەبینین ڕۆژنامە ڕۆڵی گەورەلی گێڕاوە لە نیو ژیانی گشتی لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی وهەروەها بایەخی ڕاگەیاندنی ئابووری و بازرگانی هەبووە، بەتایبەتی لەوکاتە دا کە ڕۆژنامە بە تەنیا گۆڕەپانی راگەیاندنی بۆخۆی پاوان کردبوو، بێ ئەوەی هیچ هۆکاریکی تر بتوانێ رکابەری بکات .**

**٢- خەسڵەت و ئەرکەکانی ڕۆژنامە**

**خەسڵەتی ڕۆژنامەگەری بریتیە لە وردەکاری و بابەتی و راستگۆی ڕۆژنامەگەری بوەتە بەشێک لە شارستانیەتی نوێ، هەر بۆیە ناتوانین ژیانی ڕۆژانە و شارستانیەتی نوێ بەبێ ڕۆژنامەگەری بێنینە بەرچاو. بۆیە ئەو شارەی ڕۆژنامەی تێدا دەرنەچێت ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ونبوو ئەژمار دەکرێت، چونکە پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگا و ڕۆژنامەمەگەریدا زۆر بەهێزە، لەبەر ئەوەی دواکەوتنی هەر گەلێک لە کەمی ژمارەی بڵاوکراوە و چاپەمەنیەکانیدا بە دیار دەکەوێت. لەبارەی ئەرکەکانی ڕۆژنامە ڕای جیاواز هەیە لەمبارەیەوە، بەشێک لە پسپۆران پێیان وایە ڕۆژنامەش ئەرکی بنەڕەتی هەیە ئەمانەش هەندێک لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەیە:-**

**١-پێشکەشکردنی زانیاری سەبارەت بە کاروباری گشتی و شرۆڤەکردنی هەواڵ و زانیاریەکان.**

**٢-ڕۆژنامە بە بەئامرازێکی ئاگادارکردنەوەی تاک دێتە ئەژمار. سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەی وەک ئاگادارکردنەوەی لەبارەی کەش و هەوا، ڕووداوەکان، ئاگاداریەکان، پرۆگرامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان، نرخی شمەک و کالاکان.**

**٣-ئامرازێکی بەزمەسات و ئارامبەخشە لە ڕێگەی نووسین و پێشکەشکردنی چیرۆک وبابەتی تەنز...هتد کە خوێنەر لە ئالۆزی ژیان دوور دەخاتەوە و ئاسودەیی پێ دەبەخشێت.**

**٤-ڕۆژنامە ڕۆڵی ناوەندێکی کۆمەلایەتی دەبینێت،چونکە ڕۆنامە کاریگەریەکی زۆری لە هۆشیارکردنەوەی تاک و ئاگادارکردنەوەی لە پرسە کۆمەلایەتیەکان وچۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵیاندا هەیە.**

**٥- ڕۆژنامە بە ئامرازێکی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە قەڵەم دەدرێت،چونکە هەڵدەستێت بەقسە لەسەرکردن و هەژاندنی پرسە کۆمەلایەتیەکان و ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاوی گفتوگۆ لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لەبارەیانەوە لە ڕێگەی نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت بە پرس و بابەتەکان.**

٦- ڕۆژنامە ئارەزووی خوێندنەوە لای خوێنەر زیاد دەکات و دواجار دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەرکەکانی ڕۆژنامە لە ناو کۆمەڵگادا بریتیە لە دروستکردنی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری، هەروەها ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤایەتی و هزری ئاسایشی نەتەوەیدا .

(هاڕۆڵد لاسویل)یش سێ ئەرکی بۆ ڕۆژنامە دیاری کردووە :-

١-هەستان بە چاودێریکرن ژینگەی دەوروبەر.

٢-کارکردن لەسەر یەکخستنی توانای کۆمەڵگە لە بەرەوڕووبونەوەی ژینگە.

٣-گرینگیدان بە گواستنەوەی کەلەپوری ڕۆشنبیری لە ڕێگەی نە یەک لەدوای یەکەکانەوە.

بەم شێوەیە لەسەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژنامە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان وەک ئامرازێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت، لەو کاتەی هەڵدەستێت بە ئەرکی پەروەردەو فێرکردن و هەڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازی. بە هۆی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری و گواستنەوەی هەواڵەکان ڕۆژنامە ڕۆڵ دەبینێ لە نزیک خستنەوەی بیروڕا کۆمەڵایەتیەکان بۆ نەهێشتنی زیادەڕەوی گروپێک بەسەر گروپێکی ترەوە .

**جۆرەکانی ڕۆژنامە**

**بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژنامە بە هەموو لق پۆپەکانی، دابەش دەکرێتە سەر سێ بەشی سەرەکییەوە:**

١- ڕۆژنامەی چاپ ( ڕۆژنامە و گۆڤار)

٢-ڕۆژنامەی برۆدکاست ( ڕادیۆ و تیڤی)

٣- ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ( ماڵپەڕ)**جۆرەکانی ڕۆژنامە دەشێت بەم شیوەیە پۆلێن بکەین:**

- ڕۆژنامەی ئەهلی و نەتەوەیی.

- ئاژانسەکانی هەواڵی و نەتەوەیی.

- ڕۆژنامەی فریلانس و نافەرمی.

- گۆڤار و هەفتە نامە و مانگنامەکان.

- چاپی کتێب.

-پەیوەندی میدیای و گشتی.

- ڕادیۆ و تیڤی.

- میدیای ئەلیکترۆنی

**ڕۆژنامەی سەرکاغەز یان (چاپ)**

کە ڕۆژنامەو هەفتەنامە و گۆڤاری مانگانە و وەرزی و ساڵانە دەگرێتەوە لەکۆنترین جۆرەکانی ڕۆژنامەیە، کلاسیکە دەکرێت ئەهلی بێت یان حوکمی بێت فەرمی بێت یان نافەرمی بیت....هتد.

دەکرێت ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان دابەش بکەینە سەر (٤)بەشەوە:

١-هەواڵ.

٢- بابەت فیجەر.

٣- بیرو ڕا وەکو بابەتی نووسەر.

٤- تێبینی: نامەبۆ نووسەر، هەڵسەنگاندن، ستون،ریکلام.

## ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی :

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی واتە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و نووسین لە ڕێی پێگەیی ئینتەرنێتەوە،ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی زۆر خێرایە و خێراترە لە جۆرەکانی ترو بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیایی زانیاری، پێشکەوتنی جۆراوجۆری خوڵقاندووە بە ئاستێ کە میدیای کلاسیکی ناچارکردوە کە بۆ مانەوەی ڕووبکاتە هەردوو بواری چاپ وئەلیکترۆنی . پانتایی ئینتەرنێتی داگرتووە بە ڕادەیەکی ئێجگار فراوان کە خۆی وەکو داهاتووی ڕۆژنامە دەناسێنێت، ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕو ڕۆژنامەی کوردی دەرکەوتوون کە بە تەکنیک و دیزاینی نوێ و سەردەمیانە ههاتوونەتە ناو گۆڕەپانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی.

## جیاوازی نێوان ڕۆژنامەی کاغەز و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامە لە ڕووی دەرچوونیەوە دابەش دەبێت بۆ سەر دوو شێواز ڕۆژنامەی چاپکراو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە هەردووکیشیان پشت بە یەکتر دەبەستن جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێ یا ناڕاستەوخۆ بۆ نموونە ژمارەیەک لە وێبسایتی ڕۆژنامەکان وێرای بابەتی هەواڵی، ڕۆژنامەکەش بە شێوەیەکی ئەلێکترۆنی پێشکەش دەکەن، لێرەدا سیما جیاواز و گرنگەکانی نێوان ئەو دوو شێوازەی ڕۆژنامە بە چەند خاڵیک دەخەینە ڕوو:

١- **جیاوازی نێوان ناوەڕۆکی هەواڵی ئینتەرنێت و هەواڵی چاپکراو:-** ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کار لەسەر وێنە دەکات بە پێچەوانەی بەرهەمی چاپکراوە، ئەمەش لە ڕێگەی فەراهەمکردنی چەند خزمەتگوزاریەکی ئەلیکترۆنی یان ئەوەی پێی دەوترێ باکگڕاوندی زانیاری یان وێنەی فۆتۆگرافی، و ڕەگەزی وێنەی داتای و دەنگ و ڤیدیۆ و بەستەری ئەرشیف، و ێرای گرنگترین تایبەتمەندی کە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی پێی جیا دەکرێتەوە و بریتیە لە کارلێککردن، ئەم کارلێککردنەش خۆی لە پۆستەی ئەلیکترۆنی و کۆنگرەی ئەلیکترۆنی و کۆنفراسی دیالۆک دەنوێنێ.

ئا ئەوەشە وا لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەکات چەند بابەتێکی هەواڵی تێدا بێ کە لە ڕۆژنامەی چاپکراو دا نیە، هەڵبەت لەگەڵ وێنەی کەمتر لە وەی لە ڕۆژنامەی چاپکراو دا هەیە، ئەمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستە بە هەواڵەکانەوە.

٢- **خزمەتگوزاری ڕۆژنامەوانی**:- ئەمەش بریتیە لە پوختکردنەوەی هەندێ بابەت و دووبارە داڕشتنەوەی ناونیشانەکەی، کە بەسادەیی و پوختی و ڕوونی لە ناوەڕۆکدا جیادەکرێتەوە. بەشێوەیەک بگونجێ لەگەڵ جەماوەری ئینتەرنێت کە تا ڕادەیەک جیاوازە لە جەماوەری ڕۆژنامەی چاپکراو لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری و شوێنی جوگرافیەوە. هەروەک فۆرمی دەرکردنی کۆپی چاپەکە جیاوازە لە کۆپی ئەلیکترۆنی، بۆ نمونە بەکارهێنانی ڕەنگ.

٣- **داهات**:- ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەڕادەی پێویست سود لە سەرچاوە کلاسیکیەکانی کۆمەککردن وەرناگرێ وەک بڵاوکردنەوە و بەشدرایکردن و دابەشکردن.ئەوە ئەگەر ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانەی لێ جیا بکەینەوە کە لاپەڕەی تایبەتین هەیە  کە بەهۆی ئەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکەن خوێنەری زۆریان هەیە، وەکو ئەوەی گرنگی بە عەقار  و بابەتی دەرمانسازی وگەشت وگوزار...هتد دەدەن.

٤- **خوێندنەوەی ڕۆژنامە کاغەی**:- دەکرێ بڵێین لە کۆت و بەندی شوێن رزگاری بووە، تەنانەت ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیش وای لێهاتووە کێشەی ئەو کۆت وبەندەی نەماوە ئەوەش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بڵاوبوونەوەی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان. مەبەستمان فەراهەمبوونی ئینتەرنێت لەسەر موبایل و ئەگەری بەدەست هێنانی هەواڵی ئەلیکترۆنی وەکو بارو دۆخی کەش و هەوا .

٥- **سەرچاوەکانی هەواڵ** :-  بۆمان دەردەخات کە سەرچاوەکانی هەواڵی ئینتەرنێت زیاتر لە هەواڵە چاپکراوەکان دەخوێنرێنەوە. لەوێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بوەتە بەربەستیک بۆ ڕۆژنامەی کاغەزی، ئەوەش وای کردوە ڕۆژنامەی کاغەزی هەوڵ بدات بۆ سەلماندنی خۆی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.لەوێشەوە هەندێک لە ڕۆژنامەکان بەردەوام دەبن لە دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان و هەندێکیشیان واز لە شێوازی چاپکردن دەهێنن ئەوەش بە هۆکاری سوود و قازانجەوە بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی بەکارهێنەران لە دانی ئەو پارەیەی بۆ کۆپی چاپکراوی

سەر ئینتەرنێت دەیدەن. ئەوەش وا لە خزمەتگوزاری ڕۆژنامەوانی دەکا کار لە سەر دانی پارە بکەن بۆ بەشداریکردن لە ڕیگەی ئینتەرنێتەوە، ئەوەش بە ئامانجی ڕاکێشانی بەکارهێنەری زیاتر.

لە کۆندا وا تەماشای ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەکرا کە خزمەتگوزاریەکی تەواوکەری چاپکراوە، پاشان گفتوگۆکان سەبارەت بەو بیرۆکەیە گەرمتر بووکە بریتیە لەوەی دەکرێ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ببێتە ئەڵتەرناتیڤێکی ڕۆژنامەی چاپکراو و ئەوەش بۆ چەند هۆکاریکی گرنگ دەگەڕیتەوە. وەک:

أ- ئەو پێشکەوتنەی کە ئێزگە تەلەفیزیۆنییە هەواڵیەکان لە ڕوماڵکردنی ڕووداوەکان پێی گەیشتوون وەک کەناڵی سی ئێن ئێن و کەناڵی جەزیرەی قەتەری.

ب-ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان خوێنەر بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن وبەربەستی کاغەز و نرخ بەرزیان تیپەراندوە.

هەندێک هەن پێیان وایە بەراورد کردنی نێوان ڕۆژنامەی کاغەزی و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی شتێکی نا پەسەند و ڕەتکراوەیە، ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەی ڕۆژنامەی کاغەزی رۆژنامەوانیە بە مانای زانستی و واقیعی وشەکە، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی تەنها ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەو کۆکردنەوەی دەق و وتار و هەواڵ و وێنە، بەشێوەیەکی میکانیکیەو بێ هەست و داهێنان و چالاکیە. لە لایەکی دیکەوە، دەرویژ لبنان پێی وایە زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە ڕۆژنامە بەڵگەنامەیەکی ڕۆشنبیری مێژوویی راستەقینەیە، لەکاتێک دا کۆمپیوتەر تەنها ئامرازێکە بۆ گەران بە دوای هەندیک شتی دیاریکراو دا، هەروەها ڕۆژنامەی کاغەزی هەڵگرتن و خوێندنەوەی ئاسانە، بەڵام پەیوەندی ئەلیکترۆنی پێگەیشتنی سەختە و ئەگەری هەڵەکردنی ئەلیکترۆنیشی تێدایە، وێرای ئەوەش عەمبارکردنی بابەتەکان لەسەر خۆیە.

لەسەر بنەمای ئەوەی خستمانە ڕوو، دەکرێت هاوڕای ئەوانە بین کە گەیشتوونەتە هەندێ دەرئەنجامی گرنگ و دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:-

**١- هیچ ئامرازێکی میدیایی نیە ئامرازی پێش خۆی لە نێو بباو بەڵام لە ژێر سایەی تایبەتمەندی هەریەکێکیان پێکەوە دەژین.**

**٢-نەوەکان سەردەمێکی زۆر ڕاهاتوون لەسەر خوێندنەوەی ڕۆژنامەی چاپکراو وئەوەشە وای کردوە دەست بەرداربوون لەو نەریتە سەخت بێت،لانیکەم بەم نزیکانە.**

**٣- ئینتەرنێت ناتوانێت ڕۆژنامەی کاغەزی لە نێوببات بەڵکو لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاری و خزمەتگوزاریەوە هاوکاری دەکاو ڕۆڵی دەبێت لە پەرە پێدانی ڕۆڵەکەی و ئاسانکردنی کاری ستافەکەیی و هەر ئامرازێک دەبێتە تەواوکەری ئەوی تر .**

**سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کراوەتەوە، بەڵام تواناو لێهاتوویەکانی وای لێکردوە دووبارە جیهانێکی تازە بۆ میدیاو پەیوەندیەکان دروست بکاتەوە، هەر ئامرازێکی میدیای جەماوەری خۆی هەیە و هەر سەردەمێکیش پێداویستی خۆی هەیە.**

**مرۆڤی ئاقڵ ئەو کەسەیە کە پێداویستی سەردەکەو گرنگی ڕەسەنیتی پێکەوە کۆ بکاتەوە. مێژووی ڕۆژنـامەگەریتی کوردی لاپەڕەیەکی زێڕینە لە مێژووی خەباتی سیاسی و کلتووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد، چونکە بەشـی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسـان و نووسـەرانی کـورد لە هەمـوو ئاسـت و ڕۆژگارێکـدا هەر لە ڕیـزی پێشـەوەی خەباتگێڕانی نەتەوەدا بوون و بەشێکی ڕووناکبیری دانەبڕاوی دیاربوون لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا یەکەمین ژمارە لە یەکەمین ڕۆژنـامەی کوردی کە بەنـاوی (کوردسـتان) لە (٢٢)ی نیسـانی سـاڵی ١٨٩٨ی.ز) لە شـاری قـاهیرە لە لایەن (میقـداد مەدحەت بەگ) و لە دواتـریش لەلایەن (عەبـدولڕەحمان بەگ)ی بـرایەوە کە لە نەوەی بەدرخـــــــــان پاشـــــــــای میـــــــــری بۆتـــــــــان بـــــــــوون، دەرچـــــــــوو**

نەوەکانی بەدرخان پاشا، بۆ ئەوەی برەو بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری کلتووری کورد بدەن، پاش لەناوچوونی . میرنشینی بۆتان و دربەدەر بوونیان، هەستیان کرد، کە ڕۆژنامە باشترین و کاریگەرترین چەکە بۆ هۆشیاری نەتەوەی و ڕێگە پیشاندەری نەوەکانە، بەڵام کار بەدەستانی عوسمانی داگیرکەر هەمیشە بەدوایانەوە بوون، بۆ دەمکوت کردن ئەوەتا .و لەناوبردنیان، بۆیە هەر کاتێک لە شوێنێک ڕۆژنامەکە دادەخرا، ئەوا لە شوێنێکی تر سەری هەڵدەدایەوە لە ژمارەی (١-٥) لە قاهیرە و ژمارەی (٦-١٩) لە ژێنێف-جینڤ و ژمارە (٢٠-٢٣) جارێکی تر لە قاهیرە و ژمارە (٢٤) لە لەندەن و ژمارەکانی (٢٥-٢٩) لە (فۆلکستۆن) لە ئینگلترا و هەردوو ژمارەی (٣٠-٣١) جارێکی تر لە ژێنێڤ-جینێڤ لە سوویسرا دەرچوون، ئەم بەردەوام دەربەدەری و راونانە، خۆی لە خۆیدا باشترین بەڵگەی باری سەختی ڕۆژنامەگەری کوردییە .

جێگەی شانازیشە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، کە لە سەرەوە لەلای ڕاستی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی نووسیویەتی (هەر جارەی دوو هەزار ڕۆژنامەی بە خۆڕایی رەوانەی کوردستان دەکا تا بیدەن بە خەڵک) و لە وتارێکی تردا لە ژمارە ٣١دا دەڵێ: (ئێوە دەزانن من کوڕی ئەو پیاوەم کە بە شمشێر-شیر بۆ خۆشبەختی ئێوە غیرەتی زۆری نواند، منیش ئەمڕۆ بە خواستی زەمان بە پێنووس ئەم خزمەتانە پێشکەش دەکەم).مەدحەت بەگ لەسەر وتاری یەکەمین ژمارەی کوردستان دا نووسیویەتی: (بەداخەوە کورد لە زۆر نەتەوە زیاتر خاوەنی بیر و هۆشن، جوامێرن لە ئایینی خۆیاندا ڕەوا و بەهێزن، بەڵام وەکوو نەتەوەکانی تر خوێندەوار و دەوڵەمەند نین، نازانن دراوسێکیانیان چۆنن و چی دەکەن و ئاگایان لێ نییە، بۆیە پشت بەخوا ئەم ڕۆژنامەمان نووسی و بە پشتیوانی خوای گەورە لەمەودوا هەر پانزدە ڕۆژ جارێک بڵاوی دەکەینەوە) (ناوی ڕۆژنامەکەشمان ناوە کوردستان و لەم ڕۆژنامەیەدا سوودەکانی زانست و زانیاری باس دەکەم. لە چ جێگایەک مرۆڤ فێر دەبێت، لە چ جێگایەک شەڕ بێت، هەڵوێستی وڵاتانی گەورە چی .دەبێ و چۆن شەڕ دەکەن، چۆن بازرگانی دەکرێت؟ هەمووتان بۆ باس دەکەین)

ناوەڕۆکی باس و بابەت و وتارەکانی کوردستان بەڵگەی ئەوەن، هەم مەدحەت بەگ و هەم عەبدولڕەحمان بەگ دوو دوو ڕۆشنبیری گەورە و هۆشیاری ئاگاداری سەردەمی خۆیان بوون .

## ریپۆرتاژ

لەسەرچاوەکانی رۆژنامەڤانیدا،بە دەربڕین لەگۆشە نیگای جیاوازەوە پیناسەی چەمکی (ریپۆرتاژ) وەکو ژانرێکی رۆژنامە وانی کراوە. لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینە روو:-

ناساندی چەمکی ریپۆرتاژ لەزمانی کەسایەتی ولاتانەوە ، پرۆفیسۆر( ماگی زانگەر) ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە وشەی ریپۆرتاژ لەدوو وشە پیک هاتوە کە (ڕیپۆرت report ) کەبەمانای راپۆرت دێت ( ئیمەیج image ) بەمانای وێنە دێت .

لەلایەکی ترەوە وشەی ڕیپۆرتاژ ،وشەیەکی فەرەنسی یە کە دەکاتە: هەڵگرتن بۆ دواوە ، گەڕانەوە بۆ شتیکەوە گەیاندن، دان چیرۆکی رۆژنامەنوسیە، بەشێوەی گێرانەوە (سرد) ی ئاسایی ، یان دایەلۆگ وگفتوگۆ، دەنوسیرێتەوە و، پێویستی بە گەرانەوەیە بۆ ئەرشیف و پەیوەندی کردن بە چەندین کەس و لایەنی پەیوەندیدار و، سەردانی چەندین شوین هەیە، هەروەها پێویستی بەچەندین وێنە هەیە ، بۆ سەلماندن و بەرجەستەکردنی زانیاریەکانی. هەولێکە بۆ دەرخستی راستیەک لەدەوروبەرمان و،چارەسەری ئەو ( مەسەلە- گرفت- کیشە ) یە بەشێوازێکی واقیعیی و سەرنج راکێش ورۆژنامە نوسیانە- توێژینەوەیەکی بابەتیانەی ورۆژنامە نوسیە لەسەر هەواڵێک (ڕووداو) کەرۆژنامەنوسێکی لێکۆڵەر پێی هەڵدەستێت . وەک توێژەرانی بواری رۆژنامە نوسی دەڵێن،ریپۆرتاژ لەو خاڵە دەست پێ دەکات کە (هەواڵ) کۆتایی پێدێت..

بەو مانایەی بیرۆکەی ریپۆرتاژ لەبناغەدا لەهەواڵەوە سەرچاوە دەگرێ..ئەگەر هەواڵ وەڵامی پرسیارەکانی (چی، کێ، لەکوێ ،کەی، چۆن ،بۆچی) بداتەوە ،ئەوە (ریپۆرتاژ) تەنها وەڵام دەرەوەی پرسیاری (بۆچی)یە، زیاتر لێک دانەویە بۆ روداوێک یا کێشە وگرفتێک هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەسەر پێناسەی ریپۆرتاژ ئاماژە بە چەند شێوە ڕوونکردنەوەی تر کراوە .

- ریپۆرتاژ بریتییە لە هونەری بەدواداچوون و ئاگاداربوون و زانینی هۆیەکان و زانینی گۆشە جیاواز و زۆرەکانی هەر ڕووداوێک یان مەسەلەیەک و پێوەندی بە ژیانی ئێستا و بیروباوەرە زیندووەکانی ژیانمان هەیە، واتا بە کورتی وێنەیەکی شەفافمان لەسەر واقیعەکە دەداتێ.

- بەشێک لە ریپۆرتاژ بریتیە لە ڕوونکردنەوەی حەقیقەتێک لەو حەقیقەتانەی دەیان بینین لە دەوروپشتمانن، ئینجا هەوڵ بدرێت بە شێوازێکی ڕووwن و سەرنج ڕاکێش چارەسەری مەعقولی بۆ بدۆزینەوە، واتا پێشاندانی وێنەیەکی لێکۆڵدراو لەواقیع و ڕووداو و دایردەکان.
- ریپۆرتاژ هونەری رۆشنکردنەوە و رۆشنبیرکردنە بە شێوەیەکی نوێ کەگشت ئاستێکی گەیاندن و وەرگرتن و تێگەیشتن بگریتەوە، ئەمە لەتەک هونەری فۆتۆگرافی و بەرجەستەکردنی ماناکانی واقیع و ڕووداو و بگرە بەرجەستەکردنی حەقیقەتی ڕووداوەکان دەروات بێگومان بە کۆمەڵێ وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی ئاماژەیی و ڕوونکەرەوەیان هەندێک خشتە و نەخشەی ڕاڤەکاری بەجۆرێک سەرجەم ئاستە رۆشنبیرییە جیاوازەکان وتوێژەرە کۆمەلایەتیەکان تێ بگەن.
- ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی بریتیە لە ڕاڤە کردنی کۆمەلایەتییانەی ڕووداوەکان و ڕاڤەکردنی دەروونییانەی ئەو کەسانەی لەڕووداوەکەدا بەشدارن.
- ئەگەر هەواڵ کۆڵەکەیەک بێ رۆژنامە خۆی لەسەر ڕابگرێ، ئەوە لێکۆڵینەوە و ریپۆرتاژیش لە گرنگیدا هیچی وای لە هەواڵ کەمتر نیە بەڵکو دەتوانین بڵێین ریپۆرتاژ تەواوکەری هەواڵە.

ریپۆرتاژ باسکردنی ڕووداوێکە یان گێرانەوەی هەواڵێکە کە نووسەرەکەی لەگەڵ خەڵکی تردا کە بینەرێن یا بیسەر یا خوێنەر کە ئامادەکاری ریپۆرتاژەکە وەک شاهیدێکی بێ لایەن و ڕاستگۆ کە دەشێ هەندێ جار درۆشی تێکەڵ بکات و ڕای تایبەتی خۆی تیادا ڕوون بکاتەوە و ئەو هەواڵەی کە مەبەست بگەیەنێ بە وێنەوە دەگەیەنێتە خوێنەر یان بینەر یان بیسەر .

- ریپۆرتاژ هەر خۆی بۆخۆی هونەرێکە .( لەوخاڵەوە دەستپێدەکات کە هەواڵ لێرەدا تەواو دەبێت). بۆیە گەر لە رۆژنامەگەری دا هونەرێک هەبێت کە بەرامبەر ئێزگە و تەلەفزیۆن و سینەما بوەستێت،ریپۆرتاژ ).

رەنگە ریپۆرتاژی رۆژنامەنوسی یەکێک بێت لەنوێترین شێواز و ئامرازە رۆژنامە نووەسیەکان و زۆرسەرچاوە وە نێوەندە رۆژنامە نوسیەکان سەرەتایی ئەم هونەر و بەکارهێنانی دەگێرنەوە بۆ سەرەتایی سەدەی بیست بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، مێژووی کاروانی رۆژنامە نووسی سەرەتای سەرهەڵدانی ریپۆرتاژ دەباتەوە بەر لەومێژووە و باس لەوە دەکا لەسەردەی نۆزدەدا، لەرۆژنامەگەری ئەوروپادا کاری پێکراوە.

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی یی دیفۆ (DEFO ) یەکەم کەس بووە لەرۆژنامەگەری ئینگلیزیدا ریپۆرتاژی نوسیوە و دوای ئەویش (نورتەگلیف) لەساڵی1896دا کاری پیکردووە ریپۆرتاژی کردۆتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی رۆژنامە میللیەکەی کە دەیلی (مەیل DAILY MAIL) بوو.

**دواتریش بەهۆی بڵاوبونەوەی خوێندەواری و سەرهەڵدانی بیرۆکەی  دیموکراسیەکان ، وەک گفتوگۆکردن و  دەربرینی ئازادانەی بیروبۆچونەکان، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ سەرهەڵدانی بڵاوبوونەوەی پێشکەوتنی ریپۆرتاژی رۆژنامە نووسی تا بووە  یەکێ لە  هونەرە سەرەکیەکانی رۆژنامەگەر جیهان .**

**لەهەمان کاتدا ریپۆرتاژ وەک هونەرێک ، رەنگە زۆربەی  هونەرەکانی دیکەش لەخۆبگرێ وەک هەواڵ، گفتوگۆ،دەربرینی بۆچونیک یا راپرسیەک یا تویژینەوە، ئەمە جگەلەوەی کە تا رادەیەکی زۆر پشت بە وێنەی فۆتۆگرافی یا کاریکاتێر و وێنەی کێشراویش دەبەستێ . پێویستیشە ئەوەی کاری ریپۆرتاژەکە دەکات ،روحیەتی**

**لێکۆڵینەوەی هەبێت لەسەر مەسەلەکە  بۆ ئەوەی بگاتە راستی دیاردەکەو  لایەن و هۆکارەکانی بۆ دەربکەوێت تا دواتر بە ئەمانەتەوە پێشکەش بەخوینەرانی بکات. ریپۆرتاژ لەبەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا پیدابوو. ئەم ژانرە لەسەرتادا لەدادگا و پەرلەمان و کۆبونەوەکانی پارتەسیاسیەکان سەری هەلداو دواتر وەک ژانەرێکی  رۆژنامەنوسی سودی  لێ وەرگیرا. ژانری ریپۆرتاژ زیاتر   لەلایەن رۆژنامەنوسانی ئەمریکی و بەریتانی فۆرمی نوێی ئێستای بەخۆوەبینیوە. ئەوان تەکنیکی نووسینی ریپۆرتاژیان بەرەو پیشەوە برد و بایەخی زۆریان پێدا.**

**ژانری ریپۆرتاژ ،لەمێژووی رۆژنامەگەری جیهان. زیاتر سێ رۆژنامەنووس بەرەو پێشەوەیان برد.( جۆن ریدی ئەمریکی ئیگۆ ئیروین کیشی پراگ لەگەڵ ئێرنست هەمەنگوای) نوسەر.**

**(جۆن رید) لەکتێبی راپەرین لەمەکسیکۆ کەلەساڵی  (1913 ) نووسی.بەرهەمەکەی زەقترین نمونەی ریپۆرتاژە. ریپۆرتاژ دەتوانێ رۆلی هەوالیش ببینێ ،چونکە مەبەست لەم ژانرە، گەیاندی رووداوێکە بە شێوەیەکیی دوور و دریژتر لەهەواڵ، بۆیە دەکرێ ریپۆرتاژ وەک ژانەرێکی هەواڵی دەست نیشان بکرێ.**

**ریپۆرتاژ نووسین،کاری یەک نوسەرە هەر ئەویش بە تێروانینی خۆی رووداوەکان دەخاتە سەر کاغەز ئەگەر رۆژنامەنووس دەستی نوسینی چاکی هەبێ و بتوانێ بەشیوەیەکی جوان نووسینەکە دابرێژێ،قامک بۆ وردەکارییەکانی ناو رووداوەکە دریژ بکا، ریپۆرتاژ دەتوانێ بۆ خوێنەر ببێتە  ئاوێنەی روداوەکان. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ریپۆرتاژی باش باشترین سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی راکێشی،هەربۆیەش  گرینگە رۆژنامەنووس نوسینەکەی بەزمانێکی  ناسک و پاک و رەوان  بنوسێ و مەبەستی خۆی بۆ خوێنەران دەربخا .**

**ریپۆرتاژ دەبی  بەزمانێکی ئەدەبی زۆر جوان و لەهەمان کاتیشدا ئاسان ،کە هەموو خوینەران  تێبگەن ،بنوسرێ.**

بەشداربوونی رۆژنامەنووس لەڕوداوەکە، خوێنەر بەجۆش دەهێنێ وەلەهەمان کاتیشدا ئەو بەهەستێکی پڕ بە سۆزتر ڕیپۆرتاژەکە دەنوسێ . لە ڕیپۆرتاژدا زۆر وشەی من، یان ئێمە بە کاردەهێنرێ، ئەوەش بهێنینەوە یاد ، رۆژنامەنوس نابێ ئەوەندە ناوی خۆی دووبارە بکاتەوە ،کە ڕیپۆرتاژ نوسینەکەی لێ ببێ بە چیرۆک! .

## جۆرەکانی ریپۆرتاژ نوسین :

جێگای سەرنجە زۆربەی سەرچاوەکانی ڕۆژنامەکان لەرووی قەبارەوە ئاماژەیان بۆ دوو جۆر ڕیپۆرتاژ کردووە :- ڕیپۆرتاژی بچوک وڕیپۆرتاژی گەورە

- **ریپۆرتاژی بچوک** : لەم ریپۆرتاژەدا بەگشتی بەیەک جار سەرجەم فاکتەرەکان و ڕەگەزەکانی هەواڵی تیاداکۆدەکریتەوە دوای ماوەیەکیش، ڕیپۆرتاژەکە دەنوسرێت.

- **ڕیپۆرتاژی گەورە** : لەم جۆرەدا کارکردنێک بەس نیە بۆ ئامادەکردنی ماددە سەرەتاییەکان و بەرهەم هێنانی ،پێویستی بەکارکردنی جۆراوجۆر وهەواڵی زۆرە ولەوانەش رۆژنامەنوس بۆ ئامادەکردنەکەی پێویستی بەگشتی ناوەخۆیی ودەرەکی هەبێت.

توێژەران (ریپۆرتاژ نووسی گەورە) و (ریپۆرتاژی بچوک) لەیەک جیادەکەنەوە، یەکەمیان خاوەن شارەزایەکی فراوانە ،راهاتنێکی زۆرخایەن ،کەواتە ــ بەگشتی ــ رۆژنامەنوسی ریپۆرتاژ پشت بە هەواڵە گرنگەکان و ڕووداوە گەورەکان دەبەستن، وەک : تیرۆرکردنی سەرۆک حکومەتێک ،یاخود ڕووداوی نقوم بوونی پاپۆرێکی گەورە، یاخود لەناوچوونی ناوچەیەکی گەورەی پڕ دانیشتوان بەهۆی تۆفان ولافاوی گەورە .

زانست، ئەدەب،سینەما،سیاسەت،شانۆ و ئەم جۆرانە ئەگەر ڕووداوێکی لەم جۆرە ڕوویدا ،ریپۆرتاژی نووسی خێرا کەل وپەلی خۆی هەڵدەگریت ،وەکامێرایەک لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ئەو شوێنە دەروات کەڕووداوەکەی لێیە پێشی رۆژنامەنووسەکانی تر ،لێرەدا زانیاری کۆدەکاتەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات، وگوێ ناداتە سەختی لەمپەری سەر ڕێگای، ئەگەر نا پلانەکەی لەسەرەتادا تا دوایی هەڵدەوشێتەوە، بەڵام ڕیپۆرتاژنووسی بچوک ئەوە بەزۆری لەبابەت( زایەڵەکان - اصداء) یاخود بابەتی (ڕووداو و بەسەرهاتە بچوکەکان)وەک (هەمەرەنگ،الترائف - )دەنوسێت کەبۆ کات بەسەربردن هەموو رۆژنامەیەک تارادەیەک بایەخی پێدەدات و شوێنیکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکات، کە زۆرجاران ئەم بابەتانە لەدوا لاپەرەرەدابن،سروشتی ئەم جۆرە بابەتانە نزیکن لە گۆڤاری

**زیاتر لەڕۆژنامە** MAGAZIN **لەدوالاپەڕەدا خوێنەر کۆمەلە ڕووداوێکی وێنەدار دەبینێت** NEWSPAPER **کەلەڕاستی دا (زایەڵەی) گرینکترین ڕووداوەکانی رۆژن لێرەدا).**

**توێژەر دەبێت بپرسێت لەم ئاخاوتنانە و زایەلانە: چ جۆرێکن؟ وئایا بەشیکن لەئاخاوتنی ژۆژنامەنووسی یاخود لێکۆلینەوەی رۆژنامەنووسی یاخود کۆنوسی ڕۆژنامەنووسی؟بەلام ئەم ریپۆرتاژە کورتانە لەم سێ هونەرە نین، بەواتای ڕاستەقینەکەی ئەم هونەرانە، ئەم ریپۆرتاژە بچوکانە نەئاخاوتنی ڕۆژنامەنووسین،بەهۆی ئەوەی گفتوگۆ لەزۆربەیان دا نییە ،بەڵکو لەهەموویان دا نییە،ئەم ریپۆرتاژە بچووکانە لێکۆلینەوەی رۆژنامەنووسی نین لەبەر ئەوەی توخمی گەران بەدوای ڕاستیەکانییادا نییە ،وگەران و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی گیر وگرفتەکانی تیادا نیە دۆزینەوەی چارەی لەبار بۆ ئەم گیروگرفتانە ئامانجی نییە .**

**ئەم ڕیپۆتاژە بچووکانە کۆنوسی ڕۆژنامە نوسی نین لەبەرئەوەی مەرجی ئەم کۆنوسانەـ وەک دەبینین ـ ئەوەیە کەوا ریپۆرتاژێکە لەبارەی ڕووداوە گەورەکان و دارشتنێکی بۆ کراوە لەدەستەگشتیەکانی وەک، دادگا ، پەرلەمان، وکۆنگرەی ئیقلیمی، یان کۆنگرەی دولیدا .**

**ئەگەر بمانەوێت ئەم ریپۆرتاژە بچووکانە بخەینە ژێر چارچێوەیەکی هونەرێک لەهونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی ئەوا نزیکن لە هونەری (پەلارنووسی) (التعلیق). ریپۆرتاژی جۆرو بوارەکانی زۆرە، بەلام بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی بابەتەوە بریتین لە :-**

**ـ ریپۆرتاژی کۆمەلایەتی**

**ـ ریپۆرتاژی سیاسی**

**ـ ریپۆرتاژی ئابووری**

**ـ ریپۆرتاژی ڕووناک بیری**

**ـ ریپۆرتاژی وەرزشی**

**١ ـ ریپۆرتاژی کۆمەلایەتی: لەناو نیشانەکەدا دیارە کەلایەنە کۆمەلایەتیەکان دەگرێتەوە . واتا ریپۆرتاژەکە تایبەت دەبێ بەبوارەکانی کۆمەلایەتی وەک مەسەلەی مافەکانی ئافرەت، منداڵ ، بێکاری و چەندینی تر ،بۆ ئەو مەبەستەش ڕیپۆرتاژی نوسەکە خۆی دەچێتە ئەو نێوەندانە وبەچاو وگوێ خۆی ئاگاداری راستی لایەنەکانی دەبێت.**

٢ ـ **رپۆرتاژی سیاسی:** هەر ڕیپۆرتاژێک لایەنێک لەلایەنە سیاسیەکان لەخۆبگرێت، وەک مەسەلەیەکی حکومی، حزبی ،خۆپیشاندانێک، کۆنگرەیەکی سیاسی، جەنگێک یاخود بیر وڕایەکی سیاسی نەوێش ،ئەوانە هەمووی دەچنە خانەی ڕیپۆرتاژی سیاسیەوە.

٣ ـ **ریپۆرتاژی ئابووری:** بەشێوەیەکی گشتی لەمەسەلە ئابووریەکان دەکۆلێتەوە، وەک بەرزبونەوەی نرخی کەل وپەل، باش وخراپی بەرهەم،کێشەی کشتوکاڵی وپیشەسازی وبازرگانی دابەزین وبەرزبوونەوەی نرخی دروا و چەندینی تر .

٤ ـ **ریپۆرتاژی ڕووناکی بیری:** کێشە وگرفتی رۆژنامەو گۆڤار وکتێب،هەروەها دیاردەیەکی نیو نێوەندی ڕووناک بیران وهەڵویستێکی ڕووناکبیر ، ئەوان هەموویان لەخانەی ڕیپۆرتاژی ڕووناکبیری دادەنرێت.

٥ ـ **ریپۆرتاژی وەرزشی:** ئەمەشیان تایبەتە بەبەدواداچوونی هەواڵ وچالاکی دیاردە وەرزشیەکان وهەموو ئەوشتانەی پەیوەندیان بەم بوارانەوە هەیە.بیجگە لەوریپۆرتاژانەی کەلەسەرەوە ناومان هینان ڕیپۆرتاژێکی تریش کە ئەویش ،کە ڕیپۆرتاژی وێنەیی پی دەوترێت.

٦ ـ **ریپۆرتاژی وێنەیی:** لەو شوێنەدا کەوێنەی جێی وشەکان دەگرێتەوە، ڕیپۆرتاژی وێنەیی فۆرمەلەدەبێت. لەڕاستیی دا ڕیپۆرتاژی وێنەیی ڕیپۆرتاژێکە کەتیایدا وێنە بنەمایەکی سەرەکیە بەنوسینی ژێروێنە ودیزاین کامل دەکرێت. هونەری ڕیپۆرتاژی وێنەدار (ڕیپۆرتاژ)، کە ڕیپۆرتاژێکی بچوکە چەندان تایبەتی خۆیی هەیە:

١ ـ کورت وپوخت لەدەربڕین دا .

٢ ـ لەبارەی کەسێک یان شوێنێک یان دیاردەیەکی دیاری کراوەوە دەدوێت.

٣ ـ ئەم ئاخاوتنە بەپێی توانا پێویستە وێنە دار بێت.

(لەم ڕیپۆرتاژەدا بەشیوەیەکی گشتی پێویستە دوو پەیوەندی لەبەرچاو بگیرێت، یەکەمیان :پەیوەندی وێنەییە کەلەدەوری دیدارێکدا دەخولێتەوە خوێنەر یا بینەر بۆ قولایی ڕووداوەکە ڕاکێش دەکات دووەمیان: پەیوەندی ناوخۆییە کە ئەویش پێویستی بوونییەتی لەڕیپۆرتاژێکی وێنەییانەدا.هەندێجارپەیوەندی وێنەیی لەوناکۆکیانەی کەلەنێوانیانەوە پەیدادەبێت، مانای خۆی دەستەبەردەکات. ئامادەکەری لەسەر بابەتی ڕیپۆرتاژی وێنەیی هەواڵنێرێکی هۆشمەند فۆتۆ جۆرنالیستێکی لێهاتوویێت خالێکی تر لەسەر بابەتی وێنە گیراوەکە، بەرنامەدانانی

پێشـــتر،دۆزینەوەی بیرۆکە و بەدواداچوون لەبابەتی بیرۆکەنهێنیەکان ( Caption) ژێر وێنە ئاشـــکرا بکات . دیزاینی ڕیپۆرتـاژێکی وێنەیی واتـا دیاری کردنی ئەندازەی وێنەکان و چوارچێوەکردنیشـــیان گرنگییەکی کاریگەری لەتێگەیاندن و گەیاندنی بابەتی ڕیپۆرتـاژەکە بۆ وەرگرەکانی هەیە).

**ـ بنەماکانی ڕیپۆرتـاژنوسین (ڕیپۆرت نوسین) :-**

بۆ ئاشنابوونی تەواوەتی بە خەسلەتەکان و ئەرکەکانی ڕیپۆرتاژ نوس وپرەنسیپ وڕێساکانی ڕیپۆرتاژ نوسین، پێویستە ڕاڤەی چەند خاڵێکی گرینگ بکرێت:

١ . ئەرکی گێرانەوە: تەنها بینین وچاودێریی پرۆســـەکە یا ڕووداوەکە بەس نئیە، بەڵکو کاری ڕیپۆرتـاژنووس لەڕاستیدا وەک مۆنتاژی ئەو وێنانەیە کە باشترین کاتدا گیراون و(ڕاستی) تەواوەتیانەی ڕووداوەکەی تیادا ڕەنگ دەداتەوە.

٢ ـ کاریگەری کەسایەتی ڕیپۆرتژنوسی: دەکرێ بڵێین هواڵنێر ئەرکی سارشانیەتی لەکاتی نوسینی ڕیپۆرتاژەکەدا، سەرنجێکی تەواو لەجوڵان وبزوان و ڕەنگدانەوەی ڕیپۆرتـاژەکەی خۆی بدات،ڕەچاوکردنی رەگەزی بێلایەنی لەمبارەیەوە ناتوانرێت بەتەواوەتی بەڕاست دابندرێت لەبەرئەوەی وێنەگر یا ڕیپۆرتێر دەکات.

لە ئامادەکردنی ڕیپۆرتـاژێکدا بە گشتی لەگۆشەنیگای خۆیەوە و بەخۆیی چێژی و سولیقەی خودییەوە دەستنیشانی دەکات، بەڵام سەرەنجام هێزی پەیبردن تێگەیشتنی ڕیپۆرتێر لەهەموان گرینگترە. بەمپێیەوە کاریگەری تێگەیشتنەکان وشێوازی کارکدنی ڕیپۆرتێر لەئامادەکردنی ڕیپۆرتـاژێکدا بەتەواویی بەرجەستە دەبێت.

٣ ـ لەبەرچاو گرتنی خواستی خوێنەران: بۆ ئەوەی ڕیپۆرتـاژ ببێتە جێ بایەخ، هەواڵنێر پێویستە خۆی بخاتە جێگای خوێنەران یا وەرگرانەوە وسەرەنجام بەدوای ئەو مەسەلانەدا بڕوات،کە جێی بایەخە ئەوانەوخۆی لەو مەسەلانە بپارێزێت کەجێ ی حەزی وەرگرەکان نییە. لەنوسین و ڕێکخستنی ڕیپۆرتـاژ یشدا،لەبەرچاو گرتنی (ڕاستی) هەواڵ وبایەخدان بە ئەولەوییەتی خاڵەگرینگەکان وڕێکخستنیان زۆر گرینگە.

٤ ـ لەشوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە: لەم قوناغەدا پێویستە ئەوە ببینرێت کە ڕووداوەکە شیاوی پێشبینی و یاخود چاوەڕوان نەکراوبووە. لەبەر ڕووداوە پێشبینی بۆ کراوەکان ئامادە بوونی هەواڵنێرەکە بەر لەڕوودان کارێکی

ئاشكرايە، بەڵام دەوروبەرەكە وبەرپرسان وشايەتحاڵەكاندا. سەنجدان لەدەوروبەر و ڕووداوەكانی چواردەوری ڕووداوەكە و لەهەمانكاتدا بەدوای هەست وسۆزی نەكەوتن وكۆنترۆڵكردنی پێگەكە كەشیاوی دەستەبەركردنە.

## ناونیشانی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنوسی

بێگومان ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی لەناونیشان وپێشەكی، ناوەرۆكی بابەتەكە و كۆتایی + وێنەو نەخشە و هۆیەكانی دیكەی ڕوونكردنەوە پێك دێت. سەركەوتنی ڕیپۆرتاژ بەندە بەهەڵبژاردنی ناونیشانی سەرنج ڕاكێش و وێنەی كاریگەر.

بابەتی بەتام وچێژ ،ناونیشانی سەرەكی گەورە و سەرنج ڕاكێش و بڵاوكرنەوەی چەند وێنەیەك ، هەموو ئەمانە دەوردەبینن لە ئامادەكردنی ڕیپۆرتاژ و سەرنج ڕاكێشانی خوێنەردا. هەندی كەس وای بۆ دەچن كەسێ فاكتەر خوێنەر بۆلای خوێندنەوەی ڕیپۆرتاژ رادەكێشێت :

١ ــ ناونیشان ٢ ــ شێوەی دەرهینان ٣ ــ ناوی نوسەری ڕیپۆرتاژەكە

بۆچوونێكی ترلەگەڵ ئەوەدایە كەئەگەر بابەتەكە ڕاستگۆیانە و سەرنج ڕاكێش بوو بەكۆمەڵ لەلایەن نوسەران و وێنەگران كاری بۆ كرابێت، ناوی نوسەرەكەی لەخانەی دواوە دێت. جگە لەناونیشانی سەرەكیش ،ناونیشانی لاوەكیی پێویستە،چونكە ئاماژە بەڕیزبەندیی بیرو بۆچونی بابەتەكە دەكات ودەستی خوێنەر دەگرێت تا خوێندنەوەی ڕیپۆرتاژەكە تەواودەكات.

## جۆرەكانی ناونیشان

١ ـ ناونیشانی خەبەری ، ئاماژە بۆ ناوەرۆكی ڕیپۆرتاژەكە بە رستەیەك دەكرێت، وەك (سەرەرای پەرەسەندنی خوێندەواری، تاوانەكانی تۆڵەسەندنەوە( ٢٥% )زیادیان كردووە).

٢ ـ ناونیشانی هەڵبژێردراو (انیقائی )ـ هەڵبژاردنی بیرۆكەیەكی دیاری كراوە كە مایەی سەرنج ڕاكێشان بێت وسوك وسادەش دارێژراوبێت، وەك : ( تەلاری شیراتۆن چاك دەكرێتەوە).

٣ ـ ناونیشانی ڕوونكردنەوە، بەڕاشكاوی باس لەدیاردەیەك دەكات، وەك ( گەندەڵی وەزارەتی شارەوانیدا بڵاوبوەتەوە).

**٤ ـ ناونیشانی وەسف كردن ،وەك:( لەئەنجامی باران بارێندا شەقامەكانی پەیتەخت ڕوو بارئاسا دێنە پێش چاو).**

**٥ ـ لەدەق وەرگرتن، ڕستەیەك لەلێدوانێك وردەگیرێت، وەك :( تاوانبار مەكوژە بیدە بە دادگا)**

**٦ ـ پرسیارە ناونیشان، پرسیارێك دەكات وەك ( كێ لەتەقینەوەكەی ـ مشوارـ بەرپرسە؟ )**

**٧ ـ ناونیشانی دژبەیەك، وەك ( بانگەوازێك بۆ ئاشتی، نەك هاوار بۆ شەڕ).**

## ـ شێوازەكانی ڕیپۆرتاژنووسین

**لەگەڵ زۆری بوارو جۆرەكانی ڕیپۆرتاژ بەهەمان شێوە شێوازەكانیشی زۆرن ، واتا ئەو شێوازانەی كە دەكرێ بەهۆیەوە ڕیپۆرتاژەكە بخرێتەڕوو و ئامانجەكەی پێ بپێكێ. ڕیپۆرتاژ هەیە بواری نوسینەكەی زیاتر تێدا زاڵە ولەگەڵیشیدا چەند وێنەیە یا هێلكارییەك بڵاودەكرێتەوە ئەم شێوازە پێی دەوترێت" ڕیپۆرتاژی نوسین" شێوازی دیكەش هەیە پێی دەگوترێت ڕیپۆرتاژی وێنە دار"، لێرەدا وەك لەناوەكەی دەردەكەوێت زیاتر وێنەی تێدا زاڵە كە ئەمەش بەزۆری لەگۆڤارەكاندا بڵاوە، لەم شێوازەدا ئامادەكاری ڕیپۆرتاژ پێشەكییەكی كورت بۆ ڕیپۆرتاژەكە: دەنوسێ پاشان بەوێنە مەبەستەكەی خۆی دەپێكێ ولەسەر هەر وێنەیەك ڕوونكردنەوەیەكی وێنەكە دەنوسێ وهەندی جاریش جگە لەو ڕۆنكردنەوەیە بڕگەیەك لەژێر وێنەكەدا دەنوسێ بۆ زیاتر ڕاڤە كردنی لایەنەكانی وێنەكە وڕیپۆرتاژەكەی، جا ڕەنگە گفتوگۆیەك بێت یا بۆچوونێكی دیاری كراو.**

**شێوازی سێیەمیش پێدەوترێت "ڕیپۆرتاژی وێنە كێشراو" ، ئەمەشیان وەك ڕیپۆرتاژی وێنە دار وایە ،بەڵام لەجیاتی وێنەی فۆتۆگرافی وێنە كێشراو"هێلكاری" تایبەت بە مەسەلەی ڕیپۆرتاژەكە بڵاودەكرێتەوە.**

**بێگومان سەرجەمی ئەم شێوازانە لەڕووی گەیاندنی مەبەست و ئامانجی ڕیپۆرتاژنوسینەكەوە، جیاوازییان نیە، بەڵام كاریگەریی هەریەكەیان ڕەنگە لەگەڵ جۆری بابەتەكە واتا ناوڕۆكی ڕیپۆرتاژەكە بگۆڕێ وهەندێ جار بڵاوكردنەوەی وێنە كاریگەرترە و مەبەستەكەی دەپێكێ، هەندێ جاریش بەنووسین نەبێ ناتوانرێ هیچ ڕیپۆرتاژێك سەركەوتوو ئامادەبكەیت.**

## ئەرکەکانی ڕیپۆرتاژ :

لەڕێگەی ڕیپۆرتاژەوە کۆمەڵێک ئەرک جێ بەجێ دەکرێت، ئەوئەرکانەی کە ڕیپۆرتاژ هەیەتی ئەمانەن :

١ ـ بڵاوکردنەوەی ڕاستی تەواوەتی وزانیاری بۆ خوێنەر.

٢ ـ شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ لەڕێگەی ئاشکراکردنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە

٣ ـ ڕێنمایی کردنی جەماوەر و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکانیان کەڕاستەوخۆ بە کۆمەڵەوە بەندن

٤ ـ خۆشی وکات بەسەربردن بە خوێنەر ببەخشت.

٥ ـ لەڕێگای ڕیپۆرتاژەوە دەتوانرێت ڕێکلام بۆ کەل وپەل وپرۆژە و شوێنە دیاری کراوەکان بکرێ.

## زاراوەی وتار :

وتار لە بنەڕەتدا وەک زاراوەیەکی کوردی لە ( وتە – وتن – واتە -واتا ) وە هاتووە.. گیوی موکریانی لە فەرهەنگی کوردستان لە بەرامبەر پەیڤی وتار (گوتار)ی بەکارهێناوە، ئەگەر ئەم لە بەرامبەر دانان و بەکارهێنانە بۆ ئو کاتیش دروست بووبێ ئەوا بۆ ئێستا دروست نییە، چونکە گوتار مانای گۆڕاوە لە بەرامبەر (خطاب) ی عەرەبی بەکاردێت و ئاشکراشە جیاوازی زۆرە لە نێوان (وتار – المقالة ) و ( گوتار – خطاب) کە دواتر هەوڵ دەدەین باسی بکەین.هەژار موکریانی بە دوو شێوە پێناسەی وتار دەکات : -

١- نووسراوی درێژ لەسەر مەبەستێ.

٢- قسە بۆ خەڵک کردن دەربارەی مەبەستێ.

## پێناسەی وتار :

بێگومـان بەدرێژایی مێژوو پێنــاســـەی جۆراوجۆر لە بــارەی وتــارەوە کراوە، وەک چۆن جۆرێـک لە نزیکیی بە پێناسـەکانەوە دیارە،هەرواش جۆرێک لەجیاوازیی لەنێوان پێناسـەکاندا هەیە،هەر بۆیەشـە ناتوانین پێناسـەیەکی کۆکراوەی دیاریکراوی بڕیار لەسەردراو بۆ وتار دەست نیشان بکەین.

**- ماڵپەڕی Wikipedia بەم شێوەیە پێناسەی وتار دەکات وتار بریتیە لە کوتە داڕشتنێک لە شێوەی پەخشان کە باس لە بابەتێک دەکات و ڕوونیدەکاتەوە و ڕای خۆی لەبارەیەوە دەردەبڕێت و لەوڕێگەیەوە هەوڵ دەدات قەناعەت بە ئێمە بکات.**

**ئینسکلۆپیدیای بەریتانی بەمجۆرە پێناسەی وتار دەکات ((پارچە دەاڕشتنێکی مامناوەندییە لە درێژیدا،بەشێوەی پەخشان دەنووسرێ، بەڕێگەیەکی ئاسان لە رووی دەرەوەی بابەتێک دەدوێ و تەنیا بایەخ بەو لایەنە دەدات کە پەیوەندی بە نووسەرەوە هەیە)).**

**- د. محمد یوسف نجم پێیوایە وتار: پارچەیەک پەخشانی سنوردارە لە باری درێژی و بابەت کە بەشێوەیەکی رەمەکی و خێرا دەنووسرێ و دوورە لە هەموو زۆر لە خۆکردنێک و مەرجی یەکەمی ئەوەیە کە گوزارشتێکی دروست لە کەسایەتی نووسەرەکەی بکات .**

**- د.محمد ئەلدرەبی پێیوایە وتار کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر رەفتاروهەڵوێستی تاکەکان هەیە و دەڵێ ( وتار بەشێوەیەکی تایبەتی ئاڵۆزە چونکە بە پرۆگرامکردنی داڕشتنی و ناوەرۆکەکەی لە شیکردنەوەوسەلماندن و پێشبینیەکان کە لەخۆی دەگیرێت هێندە باڵایە لە سیفەتەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستیەکان نزیک دەبێتەوە**

**- قەرەنی قادری بەم جۆرە پێناسەی وتار دەکات: وتار بابەتێکی سنوردارکراوە کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا بڵاو دەکرێتەوە بە ڕێگای ئامرازی ڕاگەیاندنەوە کە وتارنووس پەیوەندیی لەگەڵ پەیام وەرگردا چێ دەکات،دەبێ هەوڵی سەرەکی( وتار نووس = پەیامنێر) بۆ (خوێنەر = پەیاموەرگر) ئەوە بێت کە پەیامەکەی کار لەسەر هەستەکانی خوێنەر بکات و بە دوای خۆیدا رابکێشێت .**

**- رەگەزەکانی وتار**

**وتار وەک هەموو هونەرێکی دیکەی ئەدەبی لەسەر بنەمای چەند رەگەزێکەوە وەستاوە و شارەزایانی ئەو بوارە پێیانوایە ئەگەر ئەو رەگەزانە لە وتاردا نەبن ئەوا وتارەکە کەلێنی دەکەوتێ.**

**رەگەزە سەرەکیەکانی وتار بریتین لە:-**

**١- بیرۆکە ٢- زمان ٣- شێواز ٤- پلان**

## - بیرۆکە

**بیرۆکە ئایدیای نووسـەرە، بیروباوەڕو روانینە تایبەتیەکانیەتی بۆ ژیان و کۆمەڵگا و چەمکەکان، نووسـەر هەوڵ دەدات بە گونجاوترین شێوە بیرۆکەکانی خۆی لە وتاردا جێ بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش جوانترین دەستەواژە و قولترین ماناو کاریگەرترین پەیڤ هەڵدەبژێریت کە هەندێجار پێیان دەگوترێ پەیڤ و دەســتەواژە و مانا خۆسە پێنەرەکان.**

**(انیس المقدسي ) پێیوایە وتار هەڵگری بیرۆکەی نووسەرە ، وەک دەڵێ: نووسینی وتار جۆرێکە لە لێدوانی کەسیی لەبارەی هەموو ئەو دیمەنانەوە کە نووسەر لە ژیان و سروشتدا دەیانبینێ، پێویستە ئەم لێدوانەش سیمایەکی کەسیی پێ ببەخشێ کە جیای بکاتەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە هەر بۆیە دەکرێ بڵێین بیرۆکە لەوتاردا، بەتایبەت لە جۆری وتاری خودیدا بریتیە لەنوسینەوەی خودی نووسەرەکە بەهەموو ماناو رەهەندە هونەریی و مەعریفیەکانیەوە.**

## -زمان

**زمان بریتیە لە رایەڵی سەرەکی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان، ... لە بارەی زمانەوە لینین دەڵێ : زمان هۆی بەستنی مرۆڤە بە کۆمەڵەوە ، هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی زمانەوە**

**هنری سویت دەڵێت: زمان هۆیەکە بۆ دەربرینی بیر لە رێگەی دەنگەوە کە لە وشە پێکدێت. دیارە بۆ نووسینی هەر دەقێک و لە نێوانیشیاندا وتار ،زمان یەکێ لە رەگەزە هەرە سەرەکیەکانە، وتارنووس لە رێگەی زمان وهێزەکانی نێوزمانیەوەیە بیرو ئایدیاو مەبەست و روانینەکانی خۆی دەردەبڕێ،.. سەبارەت بە پێناسەکردنی وتارنووس ئارثر**

بنسن، دەڵێ : وتارنووس ئەو کەسەیە گوزارشت لەژیان دەکات و بەشێوەی تایبەتی خۆی رەخنەی لێدەگرێت،ئەو بەچاوی مێژوونووس یان فەیلەسوف یان شاعیر یان چیرۆکنووس سەیری ژیان ناکات،بەڵام لە هونەرەکەیدا شتێک هەیە کە هەموو ئەمانە لە خۆ دەگرێت .

پێوستە وتارنووس گونجاوترین زمان بۆ جۆری ئەو وتارەی دەینووسێ هەڵبژێرێ تابتوانێ لەو رێگەیەوە زۆرترین کاریگەریی بەسەر خوێنەردا دروست بکات، چونکە دوا جار لەرێگەی ئەو کاریگەرییەوە دەتوانێ پەیام و مەبەستەکانی نێو وتارەکەی بگەیەنێتە خوێنەر،بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وتارنووس لە بواری زماندا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١-زمانێکی رەوان و پوخت و بێ گرێ:- دیارە کە دەڵێین زمانێکی رەوان مەبەستمان سادەیی نووسین نییە، چونکە زۆر کەرەت سادەیی نووسین ئەو کاریگەرییە بەسەر خوێنەردا جێ ناهێڵێ کەپێویستە ، هەر بۆیە واباشە نووسەر( رەوانیی و قووڵیی زمان) بەیەکەوە لە پرۆسەی نووسیندا کۆ بکاتەوە.

٢- خۆ بواردن لەوشە و دەستەواژەی ناپێویست : دیارە بوونی وشە و دەستەواژەی ناپێویست بارگرانیەکی بێ مانا بۆ رستە دروست دەکات و هەروەها جۆرێک لە ماندوویی بۆ خوێنەر دەخوڵقێنێ،بۆیە پێویستە وتار چڕبێت و خۆی لەوشە و دەستەواژە و رستەی لابەلا و زیاد و نا پێویست بپارێزێ.

٣- دووبارە نەکردنەوەی واتا و دەستەواژەکان: ئاشکرایە دووبارەکردنەوەی بێ ئامانج لاوازیی بە وتار دەبەخشێ و هەروەها جۆرێک لە بێ توانایی نووسەر دەردەخات، فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی (سوقرات) لە بارەی بەرهەمی بەنرخی هونەرییەوە وتوویەتی( بەرهەمی هونەریی، بەرهەمێکە کە دەتوانرێت شتێکی پێ زیاد بکرێت و شتێکی لێ کەم بکرێتەوە. بۆیە واباشە وتارنووس هیچ واتا و دەستەواژەیەک دووبارە نەکاتەوە تەنها لەو شوێنانە نەبێت کە پێویستی پێیەوتی و مەبەستی لەپشتە، وەک :-(دڵنیایی، وەبیر هێنانەوەی پێویست، ئاگادارکردنەوە... تاد).

٤- زمانێکی کاریگەر لەرووی دەروونیەوە:- گرنگە نووسەر خوێنەرەکانی دیاربکات و بزانێ بۆ کێ دەنووسێ،لە دیاریکردنی خوێنەر و خوێندنەوەی ئاستی رۆشنبیرییان و هەروەها ناسینی ئەو ژینگە و جوگرافیایەی خوێنەر لێی

دەژی،نووسەر دەکرێ کاریگەرترین ئەو پەیڤ و رستە و دەستەواژانە بەکاربهێنێ کە لە رووی دەروونیەوە زۆرترین کاریگەریی بەجێ دێلێ، بۆ ئەمەش پێویستە نووسەر شارەزاییەکی باشی لەبارەی زمان و کەلتوور و مێژوو و جوگرافیا و کۆی ئەو کاریگەرییە دەروونیانە هەبێت کە بەسەر خوێنەرەوە هەیە.

## - شێواز

شێواز بریتیە لە جۆری دارشتن و رۆنان و دروستکردنی بنیادی دەقەکە کە هەر نووسەرێک ئەم پرۆسەیە بە شێوەی تایبەتی خۆی رێک دەخات. توێژەرە فەرەنسیەکان پێیانوایە بنەچەی زاراوەی ( Style) کە ئەمرۆ بە واتای شێواز دێت لە ووشەی لاتینی (Stilus) ەوە وەرگیراوە کە لە بنەرەتدا ئامێرێکی مەعدەنی بووە لە چەشنی قەڵەم و کاری نەقتاری پێکراوە و جاران بۆ وێنە و نیگارسازیی بەکارهاتووە، لەوانەشە مەبەستیان نووکە تیژەکەی ئەو ئامێرە بووبێ کە شێوازی نەخشەکەی پێکراوە.شێواز کە بە یەکێ لە رەگەزە سەرەکیەکانی وتار دادەنرێت بریتیە لە رێگاکانی گوزارشت کردن،هەر نووسەرێکیش بە شێوازی تایبەتی خۆی گوزارشت لە خۆی و بیر و باوەرەکانی دەکات.

بۆفۆن لە ( ١٧٥٣/٨/٢٥) و لە کاتی هەڵبژاردنی بۆ ئەندامیەتی ئەکادیمیای فەرەنسی و لەوبۆنەیەدا سەبارەر بە شێواز گوتوویەتی( شێواز مرۆڤ خۆیەتی) کەواتە دەکرێ بڵێین شێواز بریتیە لەو قالبەی کە وشە و رستە و سۆز و خەیاڵ و رامان و بیر و ئەندێشەی نووسەری تیا دادەرێژرێ.

## - پلان

رەنگرێژکردنی بەرنامەی نووســـینی وتارە، وتارنووس باشـــترین پلان دادەرێژێ بۆ ئەوەی بتوانی لە رێگەی ئەو پلانەوە بە گونجاوترین زمان و کاریگەرترین شـــێواز بیرۆکەکانی دەرببرێ، کەواتە رەگەزی پلان کۆکەرەوەی هەر ســـێ رەگەزەکەی پێشـــووتری وتارە(بیرۆکە - زمان – شـــێواز ) وتار دێتە بەرهەم.بەپێی راوبۆچوونی زۆربەی شارەزایانی هونەری وتار ، رەگەزی پلان دابەش دەبێتە سەر (٣) سێ بەش کە ئەمانەن:-

أ- سەرەتا:- پێویستە نووسەر لە سەرەتای وتارەکەیدا بە شێوەیەکی روون مەبەستی وتارەکەی بخاتە روو، وا باشە لەم خستنە رووەدا خوێنەر ماندوو نەکات و ڕێک مەبەستەکەی خۆی روون بکاتەوە، دیارە سەرەتا وەک دەروازەیەک وایە بۆ چوونە نێو ناوەرۆکی وتارەوە.

ب- ناوەرۆک :- دیارە وتارنووس لە سەرەتاداو لە رێگەی خستنە رووی مەبەستی وتارەکەی-وەک ئاماژەمان بۆ کرد دەروازەیەک بۆ خوێنەر دەکاتەوە، دوای کردنەوەی ئەو دەروازەیە بەشی دووەمی رەگەزی پلان دەست پێدەکات کە ( ناوەرۆک) ە، انطونیوس بطرس پێیوایە (ناوەرۆک بەشی هەرەگرنگ و فراوانی وتارە کە نووسەر تیایدا بیروباوەڕ و گفتوگۆ و پاساوەکانی خۆی لە چەند پارچەیەکی یەک بە دوای یەکدا ریز دەکات و لەگەڵ هەر پارچەیەکیشدا چارەسەر بۆ بیروڕاکانی دەخاتە روو.

ج- کۆتایی:- بریتیە لە دوا بەشی پلانی نووسەر لە نووسینی وتاردا،هەر بۆیەشە نووسەر لە بەشی کۆتاییدا پۆختەی بیروڕاکانی نێوان وتارەکەی بە چارەسەر و ئەنجام دەگەیەنێت، پێویستە بەشی کۆتایی پلان بە هێز و بڕواهێنەربێت و لەبیر و هزر و دڵ و دەروونی خوێنەر خۆی جێگیر بکات .

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی پسپۆڕانی بواری ئەدەب و میدیا کۆکن لەسەر ئەوەی کە رەگەزی پلان دابەش بکرێتە سەر ئەم سێ بەشە ( سەراتا – ناوەرۆک – کۆتایی ) بەڵام من پێیوایە بابەتێکی تری هەرەگرنگ هەیە کە زۆربەی سەرچاوەکان فەرامۆشیان کردووە ئەویش (ناونیشانی وتار)ە کە دەکرێ وەک بەشی یەکەمی پلان حیسابی بۆ بکەین چونکە (ناونیشانی وتار ) سیحر و کاریگەریی خۆی هەیە بە سەر دەروونی خوێنەردا، ناونیشانی نایاب و سەرنجڕاکێش سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ و هانی دەدات وتارەکە بخوێنێتەوە و پێچەوانەکەشی راستە. ناونیشان، یان کلیل،یان سەردێر، کورتترین رستە یان گرێیە کە فراوانترین مانا دەبەخشێ، هەندێ لە توێژەران و شارەزایان پێیانوایە کە ( سەردێر رۆڵی پێناسەی وتار دەگێڕێت) ..

## خاسیەتە هونەریەکانی وتار

**دوای پێناسەکردنی وتار و باسکردنی ڕەگەزەکانی وتار،ئێستا دەتوانین خاسیەتە هونەرییەکانی وتار لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕبکەینەوە:-**

**١- وتار وەک ژانرێکی ئەدەبی پێویستە لایەنە هونەرییەکانی نووسین بەرز ڕاگرێ،بەرز ڕاگرتنی ئەم لایەنەش پێویستی بە شارەزایی و سەلیقەیەکی هونەرییانەی قووڵی وتارنووس هەیە .**

**٢-پێویستە وتار زۆر درێژ نەبێت ، توێژەرانی بواری نووسین و ئەدەب و میدیا پێیانوایە کە وتار پێویستە قەبارەیەکی کورت یا مام ناوەندیی هەبێت، چونکە درێژدادریی سەرنجی خوێنەر پەرت دەکات نێگەتیڤانەش کار لە پەیام و ناوەڕۆکی وتار دەکات، د.سابیر بۆکانی پێوایە درێژدادڕ،بێ پەیامە.**

**٣-وا باشە وتارنووس تەنێ یەک بیرۆکە نمایش بکات، چونکە زۆر بیرۆکەیی هەم کار لە مەبەستی سەرەکی وتار دەکات، هەم خوێنەریش ماندوو دەکات، دیارە ئامانجی وتاریش ماندووکردنی خوێنەر نییە، بگرە بە پێچەوانەوە هاریکاریکردنییەتی بۆ تێگەیشتن و لکحالیبوون و وەرگرتنی پەیامێکی دایریکراو،جگە لەمەش نمایشکردنی یەک بیرۆکە لە وتاردا وا لە وتارنووس دەکات باشتر زاڵ بێت بەسەر وتارەکەیدا،لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە وتارنووس هەبێ لە چەند دێڕێکدا چەند بیرێک جێ بکاتەوە و خوێنەریش ماندوونەکات ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانا شارەزایی وتارنووس .**

**٤- وتارنووس پێویستە شارەزاییەکی باشی لە بارەی ڕەگەزە هونەرییەکانی وتارەوە هەبێت ، ئەم شارەزابوونە وا لە وتارنووس دەکات بە پلانێکی سەرکەوتووی زانستیانەوە وتار بنووسێ و ئەمەش لە ئاکامدا دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی وتارێکی باش و کاریگەر.**

٥- زمان رۆڵێكی هەرەگرنگ دەبینێ لە نووسینی وتاردا، پێویستە وتارنووس زمانێكی كاریگەر، قووڵ، گونجاو لەگەڵ جۆری وتار هەڵبژێرێ، هەروەها پێویستە وتارنووس شارەزاییەكی باشی لە بواری زماندا هەبێ ، بە تایبەتی زمانی نەتەوەكەی،.. خۆ ئەگەرزمانی نەتەوەكەی زمانێكی فرە شێوەزار بێت ئەوا پێویست دەكات شارەزایی لە شێوەزارە جیاوازەكانی زمانەكەشدا هەبێ.

٦-باشی لە دارشتن، پوختی لە نووسین، ریزبەندی هونەرییانەی پەیڤ و رستە و پەرەگرافەكان، خاڵبەندی و رێنووس و ...تاد، بابەتگەلێكی پێویست و گرنگن لە بواری نووسینی هونەری وتاردا، چونكە هەموو ئەمانە بەسەر یەكەوە جگە لەوەی كاریگەرییەكی ئەرێنی بەسەر دەروونی خوێنەردا هەیە، هۆكارێكی سەرەكیشە بۆ باشتر تێگەیاندنی خوێنەر ، پێویستە وتارنووس رەچاوی هەموو ئەمانە بكات و لە بەكارهێنانیشیاندا تا ئەو پەڕی ووردبین بێت.

٧- ناونیشانی وتار پاژێكی گرنگی وتارە، باشتروایە وتارنووس دوای تەواوبوونی وتارەكەی ناونیشان دابنێت چونكە دوای كامڵ بوونی وتار وێنای وتارەكە باشتر وەدیار دەكەوێت،.. ناونیشانی وتار ئەگەر جوان و كاریگەر و سەرنجراكێش بێت وەك وتارێكی سەربەخۆ وایە و هەندێ كەڕەت بەقەد وتارێك مانا دەبەخشێ .

٨- ناسینی خوێنەر و ئاستە مەعریفیەكەی و ئەو ژینگەیەی خوێنەر لێی دەژی و سەر لەبەریی ئەو حاڵەتە ئایدیۆلۆژیی كەلتووریی جڤاكییەی خوێنەریان دەورداوە، لایەنێكی دیكەی گرنگی سەركەوتنی هونەری نووسینی وتارە كە دەبێ وتارنووس زۆر بە وردیی و بەو پەڕیی بایەخەوە لە بەر چاو بگرێت چونكە وتارنووس پەیامێكی ئاراستەكراوی پێیە و دواجار دەبێ ئەم پەیامە بگاتە خوێنەر، لەم پێناوەدا پێویستە وتارنووس هەموو توانا هونەریەكانی خۆی بخاتە كار لەبەرهەمهێنانی وتاردا، ئەمەش قوڵبوونەوەیەكی فراوان و گشتگیر و بەڵگەدار و سەلمێنراو و پاشخانێك لە زانیاریی پێویستە لە تەواوی ئەو بوارانەی پێشتر ئاماژەمان پێكرد.

٩- وتار پێویستە هەڵگری هێز و راستی بێت،كەدەڵێین هێز و راستی،مەبەستمان لە كۆی لایەن و ڕەهەندەكانیەتی، بەهێزی لە ناوەرۆك، لە نووسین، لە دارشتن، لەچارەسەركردن،لەبەڵگە و داتا و زانیاریكان ،لەبنیاد و رۆنانی پەیكەری گشتی وتار، لە ئامانج و مەبەست و نیاز و ..تاد.. ، هەمدیس كە دەڵێین راستی مەبەستمان راستییە لە

**سەرجەم ئەو بوارە ئاماژە بۆ کراوەنەدا، دیارە ئامادەیی هەردوو توخمی (بەهێزی و راستی) لە وتاردا جگە لەوەی بالآیی بە لایەنە هونەرییەکانی نووسینی وتار دەبەخشێ، پەیوەندییەکی پڕ متمانەش لە نێوان وتار و خوێنەردا دروست دەکات کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی نووسینی وتار.**

**١٠- پێویستە کۆتایی وتار هەموو هێزی وتار لە خۆیدا چربکاتەوە چارەسەرێکی بڕواهێنەر بۆ ناوەرۆک (مەبەست ) پێشکەشی خوێنەر بکات ، وا باشە بەر لە کۆتایی وتار وتارنووس ئامادەسازییەکی دەروونی بۆ خوێنەر چێ بکات و بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ کۆمەڵێک دەستەواژەی گونجاو بەکاربهێنێ وەک :- (بەر لەوەی کۆتایی بە باسەکە بهێنین ...) یان ( لە دەماهیدا ...) یان ( دواجار دەمەوێ بڵێم ..).**

**هەروەها جۆرێکی تری کۆتایی هەیە کە پێی دەگوترێ کۆتایی کت و پڕ و جوان کە ئێستا لەم سەردەمەدا پتر ئەم جۆرەیان بەکاردێت بە مەرجێک کتوپڕیەکە مەبەستێکی بەهێز و جوانی لە پشتەوە بێت و مانا هەڵگربێت.**

## مێژووی وتار

**قسەیەکی نوێ ناکەین ئەگەر بڵێین بەر لە دروستبوونی زمانی نووسراو سەرجەم بەرهەمەکانی مرۆڤ کە دڵنیاییەوە وتە و وتن و وتراوی مرۆڤە کۆنەکانی مێژووشی لە نێواندا هەبووە، ونبووە و لە ئاکامی نەبوونی ئەو زمانە نووسراوەداو لە نێو ئەو تاریکیەدا فەوتان و نەماونەتەوە.**

**بەرهەمەکانی ئەو سەردەم، مەبەستمان سەردەمی بەر لە دروستبوونی زمانی نووسینە، بەرهەمی سادە و ساکاری مرۆڤە سەرەتاییەکان بووە کە لەنێو ئەشکەوت و کوخ و لە بەردەم پەرستگاکان و لە بۆنە سرووده ئایینیەکاندا بە شێوەی یەکسەرە(ارتجالي) وتراوە و خەسلەتە سادەکانی ئەو سەردەمیان لە خۆدا نوانووە،لێ نە ئەسەرێکیان ماوەتەوە و نە کەس دەزانێ چۆن بووە و چی وتراوە،هەر هێندە نەبێ بڕوایەک هەیە کە هەمووان لەسەریدا کۆکین ئەوەیش ئەوەیە کە مرۆڤ هەر لەگەڵ دروستبوونیدا هەوڵیداوە گوزارشت لە خۆی بکات، سەر لە بەریی ئەو گوزارشتکردنەش لە رێگەی وتە و وتن و وتراوەکانەوە بووە، دواتر دەگەڵ سەرهەڵدانی نووسیندا کە سەرەتایەکەی (سەرەتای دروستبوونی**

نووسین ) گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێ، مرۆڤ ویستوویەتی ئەوەی بە گرنگ و پێویستی دەزانێ بینووسێتەوە، سەرەرای نووسینەکانی سەر بەرد و نێو ئەشکەوت و دیواری پەرستگاکان، دواتر مرۆڤ دەگەڵ پێشکەوتنیدا هەوڵیداوە لە سەر دیوار و کەل و پەلەکانی نێومالْ، تایبەت ماڵە پاشا و خانەدان و گەورەکان ئەو نووسینە بکاتە پرۆسەیەکی بەردەوامی خۆنواندنی هونەریانەی ئەو سەردەم ، بەلاّم هەموو ئەو کارانەش ، مەبەستمان نووسینەکانی ئەو سەردەمە، نەماون، بەشێک زەمان کوێری کردونەتەوە، بەشێکیش شەڕوشۆڕ و جەنگە بەردەوامەکان.

بەردنووسی حامورابی کە کۆنترین یاسای دارێژراوی جیهان لە خۆ دەگرێت بەیەکەم ئەندێشەی نووسراوی بەر لە زایین لە قەلەم دراوە ،.. ئەگەر لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی مێژووی نووسینی مرۆڤایەتی بکۆڵینەوە بە دڵنیاییەوە بەرهەمێک نزیک لە وتار خۆیمان پیشان دەدات، جا ئەگەر ئەو بەرهەمە ناوی یان جۆری نووسین و مەبەستەکانی هەر چیە بووبێ،.. قسەکردنی ئێمە لە مەڕ مێژووی وتارە، هە بۆیە دەبێ لە نێو مێژوودا بگەڕێین، لە گەڕانیشدا بەردەوام بین، ئاساییە، زۆریش ، پاش چەند ساڵێک یەکێک، توێژەرێک، یان قوتابیەک ، پەرەکاغەزێک ، بەڵگەیەک، زانیارییەک بدۆزێتەوە و سەر لە بەریی سەرچاوەکانی بەر لە خۆی لر بەردەم دۆزینەوەیەکی نوێ دابنێ، لە بواری لێکۆلینەوەی زانستیدا و هەمدیس لە بواری پشکنین و گەڕانی مێژووییدا هیچ دەرگایەکبە کلۆمدراویی نامێنێتەوە و بۆ هەر توێژەرێکە دەرگاکان بکاتەوە و ، ئەم هەوڵ و کۆششانەش لە وەستان ناکەوێ و بەردەوام دەبێت. پێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانەی کە پێیانوایە وتار لە سەردەمە زووەکانی مێژوودا بوونی نەبووە و لە دایکبوونی نێو داهێنانەکانی سەردەمی ڕێنسانسە، ئێمە پێیانوایە هەر زوو لەگەڵ لە یەک خڕبوونەوەی کۆمەڵ کۆمەڵی مرۆڤەکان لە نێو ئەشکەوت و بن چیخ و کوخە بچووک و گەورەکاندا و دواتر لە نێو بازاڕ و شوێنە قەرەباڵغەکاندا و دواتریش لەگەڵ دروستبوونی دوانگە و سەکۆی قسەکردن، وتار وەک پێویستییەکی بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان سەری گەڵداوە، وەلێ سەرهەڵدانێکی سادە، سادە وەک سەردەمی خۆی ، سادە وەک کوخ و بازاڕ و شوێنە گشتی و دوانگەکان،لێ لەگەڵ گۆڕانی ژیان لەو سەردەمانەدا وتاریش گۆڕاوە و جل و بەرگێکی تری پۆشیوە، ناکرێ ژیان و کێشەکانی و کۆی ئەو پێوەندییە مرۆییانەی ئەو کات، بە تایبەت بازرگانی و جەنگ و بۆنە و ئاهەنگ و سروودە ئایینیەکان بێ وتار و قسەکردن تێپەڕیبێ،بەلاّم گرفتی هەرە سەرەکی لە ناڕۆشنی قۆناغە زووەکانی مێژوو و نەمانەوەی بەڵگەکان

سەرچاوەی گرتووە، دیارە هۆکارەکانی جەنگ و داگیرکاریی دەسەڵاتداران و دواتر بەسەریەکدا خاپوورکردنی ئەم لایەن بەسەر ئەو لایەن یا ئەم دەسەڵاتخواز بۆ سەر ئەو دەسەڵاتخواز وای کردووە هەر چی لە ئەوان سەردەم و قۆناغانەدا هەبووە نەمێنێ و بفەوتێ، یان بۆ زاڵبوون بەسەر بەرامبەر و سڕینەوەی کەلتووریی بەرامبەر بسووتێنرێ، یا هەندێ کەڕەت وەک سەرچاوە مێژووییەکان دەیگێڕنەوە تووڕ بدرێنە نێو دەریا و ون ببن گۆم بکرێ، هەموو ئەمانە و هی تریش هۆکارگەلێکن بۆ نەمانەوەی وتاری سەردەمە زووەکانی مێژوو بۆ سەردەمی ئەمرۆ.

دیارە وتار لە رووی کامڵ بوونیەوە وەک هەر ژانرو هونەرێکی دیکەی ئەدەب بە سێ قۆناغی مێژوویدا تێپەڕیوە:-

١-قۆناغی سەرهەڵدان.

٢- قۆناغی گەشەکردن.

٣- قۆناغی پەرەسەندن.

لەبەر ناروونیی قۆناغە مێژووییەکان و هەمدیس لەبەر نەمانەوەی بەڵگەکان، کارێکی ئاسان نییە و ناتوانین بە بەڵگەوە بەرهەمە مێژوویەکانی وتار بەسەر هەر سێ قۆناغدا دابەش و پۆلین بکەین، چونکە قۆناغی سەرهەڵدانی وتار لێڵترین قۆناغی مێژووییە و سەرچاوە مێژووییەکانیش ،ئەوەی بەردەستی ئێمە کەتووە، چاو ڕوونیەکی ئەوتۆمان پێ نابەخشێ تا بتوانین قۆناغی یەکەم ( قۆناغی سەرهەڵدانی وتار ) بە وردی دەست نیشان بکەین، لێ دەتوانین هەر هێندە بڵێین لەگەڵ دروستبوونی هەڤژینی، کۆم بوونەوەی مرۆڤەکان لە یەکتر، چێکردنی پەیوەندییە سەرەتاییەکان و لێکەوتنەوەی ئاشنایی و لەگەڵیشیدا بەرژەوەندیی، وتار وەک پێویستییەکی ژیانی و چڤاکی سەری هەڵداوە، وتار لەو قۆناغەدا زێتر خۆی لە :- ( ئامۆژگاری، پەندیاریی،ڕێنوێنی، روونکردنەوە، پێناسەکردنی سادەی کەرەسە سەرەتاییەکانی ژیان) بینیوەتەوە، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار.

**لە قۆناغی دووەمدا ( قۆناغی گەشەکردن) وتار هەوڵی داوە کەمێک لە سادەیی دوورکەوێتەوە و خۆی لە بیرۆکە و شێواز و خستنە رووی دیاردەکان وەنزیکخاتەوە، چونکە ئاشکرایە هەر ژانرێکی ئەدەبی لە قۆناغی گەشەکردندا پتر خۆی لە پێناسەکردنی و لەسەرپێ وەستان و رووخسار بەندیدا دەنوێنێ.**

**دوای قۆناغی گەشەکردن ، قۆناغێکی تری هەرە گرنگ دێت کە ئەویش قۆناغی پەرەسەندنە، لەوێدا وتار بەدوای هونەرییبووندا دەگەرێت، هونەرییبوون لە رووخسار و ناوەرۆک ، لە توکمەیی دارِشتن، لە پرِیی مانا و قوڵبوونەوە بە نێو زماندا، کە هەرهەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە وتار بە داهێنان دەگەیەنێت. بۆ ئەوەی لە مەبەستی سەرەکی باسەکە دوور نەکوینەوە وا باشە بگەرێینەوە سەر مێژوو، مێژوو بە هەموو قووڵیی و کاریگەرییەکانیەوە.**